## بانکی پرسیارەکانی دزاینەکانی تاقیکردنەوە

**پ/ لە خولێکی فێربوونی شۆفێری دا ، کە پێکهاتبوو لە فێرکردن بە وانە وتنەوە لە ناو هۆڵەکانی فێرکردنی تیۆری دا ، وپاشان فێرکردن بە شێوەیکی پراکتیکی ، ولە دوو ماوەی جیاوازدا ، کە (45) خولەك و (60) خولەك بوو .**

1- **ناونیشانێك بۆ ئەم تاقیکردنەوەیە دارێژە .**

2- **بە چی شێوازێك ئەم تاقیکردنەوەیە ئە نجام دەدەیت .**

**پ / لە ڕێگەی خشتەیەکەوە جیاوازی نێوان هەڵەی ( ئەلفا ) وهەڵەی ( بێتا ) دیاری بکە .**

**پ / ئەم گریمانانەی لە لای خوارەوە دارێژە ، کە پەیوەستبێت بە کاریگەری گۆڕاوێکی سەربەخۆ لەسەر دەستکەوتەی خوێندنی خوێندکاران .**

1- **گریمانەیێکی سفری .**

2- **گریمانەی لەبری .**

3- **گریمانەی لەبری ئاراستەکراو .**

**پ / ئەم بۆشاییانەی لەلای خوارەوە بە وشەی گو نجاووی خۆی پڕبکەرەوە .**

1- **دەبێت - - - - - - - - لە نێوان گرووپی تاقیکردنەوە وگرووپی کۆنترۆڵکراو لە ئەو گۆڕاووانەی کە گریمانە دەکرێن کاریگەریان هەبێت لەسەر گۆڕاووی پاشکۆ دا ڕەچاوو بکرێت .**

2- **پێناسەی کرداری - - - - - - - - پەیوەندی بە گۆڕاووی پاشکۆە هەیە . بە پێچەوانەی پێناسەی کرداری - - - - - - - - کە پەیوەندی بە گۆڕاووی سەربەخۆە هەیە .**

3- **لە گریمانەی - - - - - - - - - گریمانەکان هەمیشە هەڵەن .**

4- **چوار شێوازی سەرەکی هەیە بۆ ئە نجامدانی تاقیکردنەوە ئەو شێوازانەیش - - -**
**- - - - - - - و - - - - - - - - - و - - - - - - - - - - و - - - - - - - - - - .**

5- **بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەین بە سۆز وئارەزوو ولایەنگیری توێژەر لە کاتی تێبینیکردندا ، دەبێت تێبینییەکانمان تێبینییێکی - - - - - - - - - بێت نەوەکو تێبینییێکی - - - - - - - - - .**

**پ / توێژەرێك بە مەبەستە تاقیكردنەوەیێك ئە نجام بدات دەربارەی پرۆگرامێكـی مەشـقكردن لەسـەر فێربـوونی زمانی ئەڵمانی لەلای خوێندكارانی زانكۆی سلێمانی ، ودەیـەوێت بزانێـت پرۆگرامەكـەی سـوودمەندە . چـۆن هاوكاری ئەم توێژەرە دەكەیت سەبارەت بە : -**

1- **دارشتنی ناونیشانی تاقیكردنەوەكەی .**

2- **گۆڕاووی سەربەخۆ وگۆڕاووی پاشكۆ دیاری بكە .**

3- **دارشتنی گریمانە ، لە گەڵ دیاریكردنی جۆری گریمانەكە .**

4- **دانانی شێوازی سەرەكی ولاوەكی ونەخشە ( یاسا ) ی تاقیكردنەوەكە .**

**پ / باش ئەوەی تاقیكردنەوەت لەسـەر دوو گرووپـی بەشـی دەروونناسـی ئـە نجام دا بـۆ تاقیكردنـەوەی ئـەم گۆڕاوانەی لای خوارەوە**

1- **پاداشت بۆ هەر دوو گرووپ بەكاردەهێنرێت .**

2- **ئامرازی ڕوونكردنەوە تەنها لە گرووپی یەكەمیان بەكارهێنا .**

3- **هەمان مامۆستا وانە بۆ هەر دوو گرووپ دەڵێتەوە .**

**بۆت دەركەوت كە گرووپی یەكەمیان دەسكەوتەی خوێنـدنی بـەرزترە . بـە چ ڕێگـەیێك بڕیـار لەسـەر درووسـتی گریمانەكان دەدەیت ؟ وچۆن ؟ بە كەمتر لە پێنج دێڕ وەڵام بدەرەوە .**

**پ / بە ( 1- 3 ) وشە وەڵامی ئەم پرسیارانەی لە لای خوارەوە بدەرەوە**

1. **گەر بتەوێت لە دووبارەكردنەوەی توێژینەوەكان دووربكەویتەوە ، پەنا بۆ چی دەبەیت ؟**
2. **لە ڕێبازی تاقیكاری دا چی تاقی دەدەكەیتەوە ؟**
3. **لە چ جۆرێك لە جۆرەكانی تاقیكردنەوە نموونەكان بە خواسـتی خۆیـان بەشـداری تاقیكردنەوەكـە دەكەن ؟**
4. **گەر ئەزبەركردنی خشتەی كەرت ( جدول چرب ) گۆڕاووی پاشـكۆبێت چ ئـامرازێكی پێوانـەكردنی بـۆ بەكار دەهێنیت ؟**
5. **گەر بەنیازبیت تێبینەكییەكانت زانستی بن چ جۆرە تیبینێك ئە نجام دەدەیت ؟**

**پ / لەرێگەی ئەم دوو چەمكەوە مرۆڤ ورەفتاری نان خواردن وەڵامی ئەم پرسیارانەی لەلای خوارەوە بدەرەوە .**

1. **گریمانەیێكی شیتەڵكاری بۆ دارێشە .**
2. **گریمانەی دژەیەكی بۆ دارێشە .**

3. بیرکردنەوەی لێدەرخستنی بۆ بەکار بهێنە .
4. گریمانەی لەبری بۆ دارێشە .
5. بەجۆرەی ئەو گریمانە لەبریەی کە دایدەرێشیت پێناسەیێکی کرداری بۆ نان خواردن بکە وجۆری پێناسەکەیش دیاری بکە .

**پ/ کەم وکوورتیەکانی تاقیکردنەوەی دەرەوەی تاقیگا چییە ؟ بیانژمێرە**

**پ / بە کورتی وەڵامی چوار ( 4 ) لە ئەم پرسیارانەی لەلای خوارەوە بدەرەوە .**

1. رێبازی تاقیکاری دڵنیاترین رِێبازە ، بۆ گەیشتن بە دەرئە نجامەکان ؟
2. دەبێت توێژەر بەبەردەوامی گومان لە هەمو زانیارێك بکات ؟
3. مورفی داخڵبوونی رِێبازی تاقیکاری ، بۆ ناوو دەروونزانیی نویَ بە گرنگترین رووداوی دادەنێت ؟
4. بۆ چی دووبارەکردنەوە بە مەرجێکی گرنگ وسەرەکی دادەنرێت لە رێبازی تاقیکاری دا ؟
5. ئەگەر گشتاند نمان کرد لە زانیارێکی بەشیەوە بۆ زانیارێکی گشتیی، ئەوە چ جۆرە بیرکردنەوەیەکە ؟

**پ / رەوشتی ئە نجامدانی تاقیکردنەوە چەند مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئە نجامدانی هەر جۆرە توێژینەوەێك ، ئایە دەبێت ئەو مەرجانە چیین کە دەبێت رِچاوو بکرێت ؟ باسی بکە**

**پ/ وەڵامی ئەم پرسیارانەی لەلای خوارەوە بدەرەوە لە رێگای ئەم گۆڕاوانەوە ( جۆری تاقیکردنەوە بە سیٚ شێواز تاقیکردنەوەی 1- زارەکی 2- گوتاری 3- بابەتی ) و ( رەگەزی خوێندکاران ) و ( دەستکەوتەی خوێندن ) .**

أ- ناونیشانێك بۆ ئەم تاقیکردنەوەیە دارِێژە .
ب- گریمانەیەکی لەبری ( جێگیرەوە ) ئاراستەکراوو دارێژە .
ت- گریمانەیەکی سفری دارێژە .
پ- شێوازی ئە نجامدانی تاقیکردنەوەکە وجۆرەکەیشی دیاری بکە .
ج- هۆکاری هەڵبژاردنت بۆ ئەو شێوازەی تاقیکردنەوەیە ڕوونبکەرەوە .

**پ / دابەشکردنی هەرەمەکی دوو جۆری هەیە . ئەو دوو جۆرە ڕوونبکەرەوە .**

**پ/ ئەم بۆشاییانەی لەلای خوارەوە بە وشەی گونجاوی خۆی پڕبکەرەوە .**

1. پێناسەی کرداری ________ پەیوەندی بە گۆڕاووی پاشکۆە هەیە . بە پێچەوانەی پێناسەی کرداری ________ کە پەیوەندی بە گۆڕاووی سەربەخۆە هەیە .

❷ بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەین بە سۆز وئارەزوو ولایەنگیری توێژەر لە کاتی تێبینیکردندا ، دەبێت تێبینییەکانمان تێبینییەکی ____________ بێت نەوەکو تێبینییەکی ____________ .

❸ کۆمەڵگای گەورە قەبارەی تاکەکانی لە __________ بۆ __________ تاکە .

پ / بە کورتی وەڵامی چوار ( 4 ) لە ئەم پرسیارانەی لەلای خوارەوە بدەرەوە .

❶ چی جۆرە گریمانەیێك هەمیشە هەڵەیە ؟
❷ لە چی جۆرێك لە جۆرەکانی تاقیکردنەوە نموونەکان بە خواستی خۆیان بەشداری تاقیکردنەوەکە دەکەن ؟
❸ لە ڕێبازی تاقیکاری دا چی تاقی دەکەیتەوە ؟
❹ گەر بتەوێت لە دووبارەکردنەوەی توێژینەوەکان دووربکەویتەوە ، پەنا بۆ چی دەبەیت ؟
❺ ئەگەر گشتاندنمان کرد لە زانیارێکی گشتییەوە بۆ زانیارێکی بەشی ، ئەوە چی جۆرە بیرکردنەوەیێکمان ئەنجامداوە ؟

پ / ڕەوشتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە چەند مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەنجامدانی هەر جۆرە توێژینەوەیێك ، ئایە دەبێت ئەو مەرجانە چیین کە دەبێت ڕچاوو بکرێت ؟ باسی بکە

پ/توێژەرێك باش ئەوەی تاقیکردنەوەیێکی لەسەر دوو گرووپی بەشی دەروونناسی ئەنجام دا بۆ تاقیکردنەوەی ئەم گۆڕاوانەی لای خوارەوە :

❶ پاداشت بۆ هەر دوو گرووپ بەکاردەهێنرێت .
❷ ئامرازی ڕوونکردنەوە تەنها لە گرووپی یەکەمیان بەکارهێنا .
❸ هەمان مامۆستا وانە بۆ هەر دوو گرووپ دەڵێتەوە .

بە پشت بەستن بە ئەم زانیاریانەی لەلای سەرەوە وەڵامی ئەم پرسیارانەی لەلای خوارەوە بدەرەوە :

① ناونیشانێك بۆ ئەم تاقیکردنەوەیە داڕێژە .

② گریمانەیەکی لەبری ( جێگیرەوە ) ئاراستەکراوو داڕێژە .
③ ئایە ئەم تاقیکردنەوەیە درووستی ناوەکی تێدا هەیە .

پ / درووستی ناوەکی تیۆری چییە ؟ بە کورتی باسی بکە .

**پ / به کورتی پەیوەندی نێوان گریمانە وتاقیکردنەوە وەك دوو کەرەستەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە باس بکە .**

**پ / بە کورتی وەڵامی ئەم پرسیارانەی لەلای خوارەوە بدەرەوە :**

1. **چاوپۆشی چییە ؟ ومەبەستی توێژەران لە ئەم کارە چییە ؟**
2. **جێگیرەوەی بەکارنەهێنانی گروپی جێگیر چییە ؟ وچۆن ؟**
3. **بۆ چی دووبارەکردنەوە بە مەرجێکی گرنگ وسەرەکی دادەنرێت لە ڕێبازی تاقیکاری دا ؟**
4. **بۆچی نابێت لە تاقیکردنەوەکاندا بە زۆرەملێیی بەژداری بە نموونەی توێژینەوەکە بکرێت ؟**
5. **هەڵەی ( ئەلفا ) لە هەڵەی ( بێتا ) جیابکەرەوە .**

**پ / ئەم بۆشاییانەی لەلای خوارەوە بە وشەی گونجاوی خۆی پڕ بکەرەوە .**

1. **سەرەکیترین مەرج کە دەبێت لە گریمانەدا هەبێت ئەوەیە کە دەبێت توانای ____________ تێدا هەبێت ، وئەو گریمانەیەی ئەم مەرجەی تێیدا نەبێت ، دەبێت لە تاقیکردنەوەکە دوور بکرێتەوە ، و وەك گریمانە مامەڵەتی لەگەڵ دا ناکرێت .**

2. **هەموو دیاردە دەروونیەکان بە شێوەیکی ____________________ پێوانە دەکرێن ، لەبەر ئەوەی بوونی ماددیان نیە .**

3. **بە هۆی ئەوەی تاقیکردنەوەی دەرەوەی تاقیگە توانای کۆنترۆڵکردنی ____________ ، وئەمە وا دەکات کە بێتە هۆکارێك بۆ نزمبوونەوەی ئاستی درووستی ____________ .**

4. **لە قۆناغی بیرکردنەوەی فەلسەفیدا مرۆڤ هۆکاری درووست بوونی ڕووداوەکانی دەگێڕایەوە بۆ ____________ ، وبەهۆی ئەم کارەوە بیرکردنەوەی ____________ دەرکەوت .**

5. **ڕێبازی زانستی نوێ لە ساڵی ( 1600 ) ، لەسەر دەستی فەیلەسوفی ئینگلیزی ____________ دەرکەوت .**

6. **ئەگەر هەر ڕووداوێك بەشێوەیکی بەردەوام لەلای چەند کەسێك دووبارە ببێتەوە ئەوە پێی دەوترێت ____________ .**

**7** **ئەگەر لە کاتی ئە نجامدانی تاقیکردنەوەیێك بۆ دەرخستنی کاریگەری چەند ڕێنماییکی پارێزگاریکردن لە پاك وخاوێنی لەسەر فێربوونی خووە تەندروستییەکان ڕووداوێك ڕوویدا وەك بڵاوبوونەوەی پەتای کۆلێرا دەرکەوت ئەوە ئەگەری ئەوە هەیە تاقیکردنەوەکە بکەوێتە ژێر هەڕەشەی گۆڕاوی هاتووە ناوە لە جۆری ________ .**

**8** **گریمانەی سفری بە ئەوە دەناسیتەوە کە وشەی ________ لە دارشتنیدا هاتووە .**

**پ / تەنها وەڵامی یەك لق بدەرەوە :**

**أ- بە دەستهێنانی مەعریفە لە قۆناغی پێش دەرکەوتنی ڕێبازی زانستی ( ڕێگە کۆنەکان ) لە چەند سەرچاوەیکەوە بە دەست دەکەوت ، ئەو سەرچاوانە بە کورتی بخە ڕوو ( بیانژمێرە وبە کورتی هەریەکێکیان باس بکە ) .**

**ب- پێداچوونەوەی ئەدەبیات و توێژینەوەکانی پێشووتر هەنگاوێکە لە هەنگاوەکانی ئە نجامدانی توێژینەوەی تاقیکاری ، کە گرنگی خۆی هەیە ، ئەو گرنگییە بژمێرە .**

**پ / تەنها وەڵامی یەك لق بدەرەوە :**

**أ- تێستی پێشی وتێستی دوایی دوو ڕێکاری گرنگن کە دەکرێت لە تاقیکردنەوەکاندا بەکاربهێنرێن ، لە چی کاتێکی تاقیکردنەوەکەدا بەکاردەهێنرێن ؟ ئامانج لە بەکارهێنانیان چییە ؟ وئایە بەکارهێنانیان مەرجە ( بە نمونەوە وەڵامەکەت ڕوونبکەرەوە ) ؟ وئایە مەرجە هەردوو تێستەکە ئە نجام بدەین یان دەکرێت تەنها یەکێکیان بەکاربهێنیین ؟**

**ب- گروپی تاقیکردنەوە وگروپی جێگیر ( کۆنترۆڵکراو ) دوو گروپن کە دەکرێت لە تاقیکردنەوەکاندا بەکاربهێنرێن ، چۆن تاقیکردنەوە لەسەر هەر گروپێکیان ئە نجام دەدرێت ؟ وئامانج لە بەکارهێنانی هەر گروپێکیان چییە ؟ وئایە بەکارهێنانیان مەرجە ؟ وئایە مەرجە هەردوو گروپەکە بەکاربهێنین یان دەکرێت تەنها یەکێکیان بەکاربهێنیین ؟**

**پ / توێژەرێك بە ئاما نجە تاقیکردنەوەیێك ئە نجام بدات بۆ دەرخستنی کاریگەری پرۆگرامێکی ڕێنمای دەروونی لەسەر ڕازی بوونی خود بۆ ئەم مەبەستە ئەم کارانەی لەلای خوارەوەی ئە نجامدا :**

**①** **دوو گرووپی هەڵبژارد گرووپێکیان ڕەزابوونی خودیان نزمە وکردیانیە گرووپی تاقیکردنەوە ، وگرووپی دووەمیان ڕەزابوونی خودیان بەرزە وکردیانیە گرووپی جێگیر .**

② پرۆگرامی تاقیکردنەوەکەی لەسەر گرووپی تاقیکردنەوە جێبەجێکرد ، واتە ڕێنمای دەروونی بۆگروپی تاقیکردنەوە ئە نجامدا بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ڕەزابوونی خود لە لایان .

③ دوای شەش مانگ لە دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکە تێستی دوایی بۆ هەردوو گروپی تاقیکردنەوە وجێگیر ئە نجامدا ودەرئە نجامەکەیانی بە یەکەوە بەراورد کرد بۆی دەرکەوت کە هەر چەندە گروپی تاقیکردنەوە ئاستی رازی بوونی خودیان باشتر بووە بەڵام جیاوازی لە نێوان هەردوو گرووپەکە هەر ماوە .

ئایە ؟؟؟؟

❶ ئەم تاقیکردنەوەیە درووستی ناوەکی تێدا هەیە ؟ وبۆ ؟

❷ ئایە هیچ گۆڕاوێکی هاتووە ناوەت بە دی کرد وچۆن ؟

پ / بۆ ئە نجامدانی هەر تاقیکردنەوەێك دەبێت بە چەند هەنگاوێکدا تێپەڕ بین ، ئەو هەنگاوە یەك لە دوای یەکانە چیین بە وردی بیانژمێرە .

پ/ تویێژەرێك لە پاش ئەوەی چەند گریمانەێکی تاقیکردەوە ئەم بڕیارانەی لەلای خوارەوەی دا ، بەڵام لە ئێستادا دوو دڵ وراڕایە لە درووستی بڕیارەکانی ، هاوکاری بکە بە دەستنیشانکردنی جۆری ئەو هەڵەیەی کە ئەگەر کردویەتی لە بڕیاردان لەسەر گریمانەکانی .

❶ گریمانەی سفری رەتکردۆتەوە هەرچەندە گۆڕاوی سەربەخۆ کاریگەری نەبووە لەسەر گۆڕاووی پاشکۆ .

❷ گریمانەی سفری وەرگرتووە ( قبوڵکردووە ) هەرچەندە گۆڕاوی سەربەخۆ کاریگەری نەبووە لەسەر گۆڕاووی پاشکۆ .

❸ گریمانەی سفری وەرگرتووە ( قبوڵکردووە ) هەرچەندە گۆڕاوی سەربەخۆ کاریگەری هەبووە لەسەر گۆڕاووی پاشکۆ .

❹ گریمانەی سفری رەتکردۆتەوە هەرچەندە گۆڕاوی سەربەخۆ کاریگەری هەبووە لەسەر گۆڕاووی پاشکۆ .

پ / بە کەمتر لە ( 5 ) پێنج دێڕ وەڵامی ئەم پرسیارانەی لەلای خوارەوە بدەرەوە :

❶ بۆ چی لە زۆرینەی تاقیکردنەوەکان گروپی جێگیر ( کۆنترۆڵکراو ) بەکاردەهێنین ؟

❷ بۆ چی تێستی پێشی بەکاردەهێنین ؟

3. بۆ چی تێستی دوایی بەکاردەهێنین ؟

4. بۆ چی بەبێ بوونی نمونە ناتوانین هیچ تاقیکردنەوەیێك ئەنجام بدەین ؟

5. بۆ چی بەبێ دارشتنی گریمانە تاقیکردنەوە ئەنجام نادرێت ؟

پ / ئەم بۆشاییانەی لەلای خوارەوە بە وشەی گونجاوی خۆی پڕ بکەرەوە .

1. بۆ ئەنجامدانی هەر تاقیکردنەوەیێك دەبێت بە لای کەمەوە دوو گۆڕاومان هەبێت کەیەکەمیان بە گۆڕاوی ................ ناودەنرێت وکە بە مەبەستین کاریگەری لەسەر گۆڕاوی ................ بزانین .

2. مەبەست لە بوونی خاسیەتی سایکۆمەتری لە پێوەر وئامرازەکانی پێوانەکردندا چەند خاسیەتێك دەگرێتەوە لەوانە ................ و ................ و ................ .

3. بە دوو جۆر دەتوانین نمونەی توێژینەوە بەسەر گروپی تاقیکردنەوە وگروپی جێگیردا دابەش بکەین ، کە یەکەمیان ................ ودوەمیشیان دابەشکردنی ................ .

4. گەشەکردن و پێشکەوتنی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی پێش ئەوەی بگات بە قۆناغی زانستی وتاقیکاری بە دوو قۆناغی تردا تێپەڕ بوو کە یەکەمیان قۆناغی ................ودووەمیشیان قۆناغی ................

5. ناتوانین گرێی ئۆدیب یان گرێی ئەلیکترا تاقی بکەینەوە چونکە لەگەڵ ................ناگونجێت .

6. تاقیکردنەوە دوو جۆری سەرەکی هەیە یەکەمیان لە ................ ئەنجام دەدرێت ودووەمیان لە ................ ئەنجام دەدرێت .

7. تاقیکردنەوە بە تێبینی ................ دەستپێدەکات . و بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت بە سۆز وئارەزوو ولایەنگیری کاریگەری بخانە سەر توێژەران ، دەبێت تێبینییەکانیان تێبینییەکی ................ بێت نەوەکو تێبینییەکی ................ .

پ / ناونیشان بۆ ئەم گۆڕاوانەی لەلای خوارەوە لە چوارچێوەی ڕێبازی تاقیکاریدا دابنێ ، پاشان بۆ هەر ناونیشانێك گریمانەیەکی سفری وگریمانەیەکی لەبری داڕێژە .

1. پرۆگرامێکی مەشق پێکردن ، خێرایی کردنی خوێندنەوە .
2. هەستکردن بە ئارامی ، ڕەنگی دیوار .
3. فلیمە دیکۆمێنتارییەکان ، تێگەیشتن لە ڕووداوە مێژووییەکان .
4. توانای ئەزبەرکردن ، گوێ گرتن لە میوزیك لە کاتی سەعی کردن .
5. ئاستی بەرهەمهێنانی فەرمانبەران ، جۆری مامەڵەتکردنی بەڕێوبەری کار .